# ئێکسسواری پشتێن یەکێکە لە جوانترین ئێکسسوارە کوردییەکان





لە بواری جوانکاری کوردیدا، کە ساڵەهایە پێش ئێستا چەندین مۆدەی جوان و کراوە هەبوون، ئەوەش ئێستا بۆتە مۆدەیەکی کراوە و لە مارکە جیهانییەکاندا بەدی دەکرێن، بە تایبەت ئەوانەی زیاتر لەسەر جلەوە دەپۆشرێن و دیمەنێکی جوان و ڕازاوەش دەبەخشن، لە کاتێکدا خانمانی کوردیش گرنگی بەو ئێکسسوار و کەرەستە کوردییانە نادەن، تەنیا ڕوو لە بەرهەمی بیانی دەکەن، ئەوەی دەیبینن بریتییە لە (پشتێن)ی کوردی، کە زیاتر لەسەر ناوقەدی خانمانەوە دەبەسترێ و شایستەی دیمەنێکی جوان و کراوەیە، بە تایبەت کاتێك لەگەڵ جلی کوردی دەپۆشرێ، پشتێنی لەم جۆرە کە شێوەی ئێکسسوار لەخۆ دەگرێ، لە کاتێکدا مۆدەی دیکەی پشتێن هەن و ئەوانیش لە قوماشن دەبن، ئەو جۆرەش لە لیرە و زێڕ و زیوو دروست دەکرێن، کە شێوەی بە نەخش و بازنەی هەیە، ڕاستەوخۆ دەکەوێتە سەر ناوقەد و بە تەلەکانیانەوە لە پشت دەبەسترێ، هەروەها بوونی گوڵێك یان نەخشێکی گەورە لە ناوەڕاستی پشتێنەکە زیاتر جوانتر و ڕازاوەتری دەریدەخات، ئەمەش وادەکات کە ئێکسسوارێکی پڕ بە پێزی جوانکاری کوردی تایبەت بێ بۆ خانمان.






# پشتێنە مۆدێرنەکان ڕەنگدانەوەی جوانی ناوقەدە







هەر بەشێك لە کەرەستەکانی جوانی لە جەستەی خانمان پێویستیان بە دیمەنێکی ڕازاوە و ئامادەکراو دەبێ، واتە بەر لە هەڵبژاردن دەبێ کاری لەسەر بکرێ و لەگەڵ ئەوەشدا کەرەستەکان دەبێ بە هەڵبژاردنێك بن کە لە جێگەی جوانی و شێوە و دیمەنەکانیش بە گوێرەی ئێکسسوار و کەرەستەکانەوە دەبێ، لێرەدا دەکرێ ئەو جۆرە ستایلە هەڵبژێرین کە لە کاتێکدا هەر ئێکسسوارێك بە مۆدەیەکی ڕازاوە و جوانەوە بەناوبانگە، یەکێك لەو ئێکسسوار و مۆدانە بریتییە لە پشتێنی مۆدێرن، کە پشتێنی تازە و کۆنەکان لە ستایلێکی تازەوە کاری لەسەر کراوە، بە گوێرەی جوانترین و ڕازاوەترین مۆدەکانەوە دەردەکەوێ، ئەو جۆرە مۆدانە شێوەیەکی بچووك و جوانی هەیە، سەبارەت بە مۆدە تازەکان لە چەندین ڕەنگی جیاوازدا

# گوڵ و گوڵدانەکان ماڵەکەت ڕازاوەتر دەکەن



دیکۆری ماڵ و کەرەستەکان پێویستیان بە بیرۆکە و تازەگەری دەبێ، لە کاتێکدا شێوەی کەرەستەکان هەر یەکە بەپێی دیمەن و جۆرە دانانی شوێنی کەرەستەکان و یان دانانی کەرەستەکان لە شوێنی پێویست کە جێگەی شیاوی و ئامادەکاری بێ، لە کاتێکدا بە چەندین دیکۆری سادە دەکرێ ماڵەکان ڕێکبخرێ، کەچی لە ڕێگەی کاری جوان و شایستەوە دیکۆرەکان بە جوانییەکی ئەمەك و ناسکەوە ڕێگە دەگرن، بوونی کەرەستە سروشتیەکان کە بەجوانی سروشتەوە ڕازاوەتەوە، زیاتر کار دەکاتە سەر جوانی دیکۆری ماڵەکەت، بە تایبەت گوڵ و گوڵدانەکانی ماڵ، ئەمەش بە گوێرەی شێوەی گوڵدان و ئەو شوێنەی لێوەی دادەنرێ، دیمەنی ماڵ بەو شێوازە ڕازاوەتر و کراوەتر دەبێ، زیاتر گوڵدانەکان لەلای پەنجەرەکانەوە دادەنرێن، ئەمەش بۆ ئەوەی بەجوانی دەربکەوێ و لەگەڵ ئەوەی تیشکی ڕووناکی بەرکەوێ و لەو شوێنەشدا جوانی بۆ دەرەوە و ژوورەوە دەردەکەوێ.

# قاچەکان بە ئێکسسوارەوە جوانن





قاچی خانمان بە هەر شێوەیەك بێ پێویستی بە گرنگی دان و کاریگەربوون لەسەر شێوەکانی خۆیی هەیە، ئەمەش وادەکات دیمەنێك لە جوانی ببەخشێتە جەستەی خانمان، لە کاتێکدا قاچەکان خۆیان ئاوێنەی جوانی و پاکی و خانمایەتی کچان و ئافرەتان دەردەخات، بوونی پێستێکی ناسك و ڕەنگێکی سپی و بە بریقە لە قاچەکان شایستەی جوانییەکی ڕەها دەبێ، بە تایبەت کاتێك خانمان گرنگی بە قاچەکان دەدەن ئەمەش بە دوور بوون لە ئاوی پیس و هەردەم پاك ڕاگرتن و لێدانی کرێمی نەرم کردنەوە و چارەسەری نەخۆشییەکان، وادەکات کە دیمەنێکی سەرسامی هەبێ، لەگەڵ ئەوەشدا دانانی ئێکسسوارەکانی وەك خڕخاڵ و کریستاڵی ناسك و ئەڵقەی بازنەیی کە لە خوارەوەی قاچەوە دەخستری، ئەمەش یەکێك دەبێ لە جوانترین دیمەکانی شێوەی ڕازاندنەوەی قاچەکان بە ئێکسسوارەوە.







دروست کراوە، تەنانەت دەکرێ لەگەڵ گشت جۆرە جلێك بپۆشرێ، بە تایبەت کاتێك دیمەنەکان ئاوێتەی شایستەترین جلەکانە، جوانی پشتێن لەگەڵ گشت جۆرە جلەکانەوە دەپۆشرێن، واتە دەکرێ لەگەڵ پانتۆڵ و جینز و بەدی درێژدا.



# ماکیاژە تۆخەکان و تازەگەری لە قەشەنگی ڕووخساری خانمان

جۆرەکانی ماکیاژ بە چەندەها مۆدەی جیاوازەوەیە، ئەمەش لە کاتێکدا جێگەی شیاوی جوانی و دانانی مۆدەیەکی ڕازاوە بە ڕووخسار، ماکیاژەکان بە شێوەی تازەوە کاری لەسەر دەکرێ، تەنانەت دەبێتە یەکێك لە مۆدە جوانەکان کە لە شێوازە تازەکانەوە ڕەنگدانەوەی پێویستە و ئەمەش بە گوێرەی مۆدەی ماکیاژەکانەوە دەبێ، لە ڕێگەی ئەو جۆرە ماکیاژانەدا سوود لە جوانی ڕووخسار وەردەگرین کە هێمای ڕازاوەیی و جوانییەکی ڕەهایە، لێرەدا چەندین جۆرە مۆدەکانی ماکیاژ هەن و هەر یەکە بەپێی جوانی خۆیەوە ڕەنگدانەوەی دەبێ، یەکێك لە جوانترین مۆدەکانی ماکیاژ بریتییە لە مۆدەی ماکیاژی تۆخ، کە زیاتر ڕەنگی ئەساس بە کراوەیی و جوانییەوە دیار دەبێ و ئەمەش وادەکات کە لە نزیکەوە مۆدەیەکی ڕازاوە دەرکەوێ، هەروەها ڕەنگی چاوەکانیش بە شێوازێکی تایبەتەوە دەبێ، لەم جۆرە مۆدەیەدا هێمای جوانترین و ڕازاوەترین مۆدەکان دیار دەکەوێ، لەگەڵ ئەوەشدا بوونی ئەو جۆرە ماکیاژە دیمەنێکی جوان بە ڕووخساری خانمانەوە نیشان دەدات.





# گاڵتە کردن بە (ئار بی جی)

گاڵتە کردن دیاردەیەکی دیاریکراوە لەنێوان خەڵکدا، هەندێك کەس هەیە بە ڕێژەیەکی گاڵتە زۆر دەکات، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانن کە گاڵتە کاتی خۆی هەیە، زۆر جار گاڵتە بەکاری نامۆیان بە کەرەستەی سەیرەوە دەکرێ، بە تایبەت گاڵتە کردن بە چەك و تەقەمەنی، چەندین ڕووداوی لێکەوتۆتەوە، ئەمەش کاتێك گاڵەتەکان لە جێگەی خۆیان دەربچن و ببن بە کارەسات، ئەوەی دەیبینن دیمەنێکە لە گاڵتە کردن بە چەك، ئەوەی سەیرە لێرەدا گاڵتە بە (ئار بی جی ) دەکرێ، کە ئەگەر هەر جۆرە ڕووداوێکی لێبکەوێتەوە کارەساتی لێوە ڕوودەدات، وەك دەبینن چۆن لەوێنەی دووەمدا بە گوللە ئار بی جی لە دواوەی ئەو هاوڕێیەی خۆی دەدا لە خۆشەویستیان.



# بەهرەی کورد لە




لەنێو کوردا لە کۆنەوە کارێکی سەیر هەبوو و ڕەنگە تا ئێستاش مابێ، ئەمەش سوود وەرگرتن بوو لە پێستی گیانداران، بە تایبەت ئەو گیاندارانەی کە پێیستیان نەرمە و یان بۆ کاری دروستکردنی کەرەستە و شتومەك بەکاردەهێنران، ئەمەش کاتێك گیاندارێکیان ڕاو دەکرد کە سوود لە پێستەکەی وەردەگیرا زیاتر نەوەك لە گۆشتی، چونکە هەندێك گیاندار هەن گۆشتیان ناخورێ و

# تەشی ڕستن کارێکی بەهەرمێنی خانمانە



تەشی ڕستن، کارێکی کۆنی کوردانەیە و لەدێر زەمانەوە کاری لەسەر کراوە و تا ئێستا لە گوند و چەند شوێنێکی شاریشدا کاری پێ دەکرێ، تەشی ڕستن کارێکە زیاتر ئافرەتانی کورد پێوەی خەریك دەبن، کردارەکەشی بریتییە لەوەی کە خوری دەکرێت بە داوی باریك و ئامادەکراو و ڕێك، ئەمەش کاتێك مەڕ کاری خوری کردنیان بۆ دەکرێ، دواتر ئەو خورییە دەهێنرێت و پاك دەکرێتەوە، پاشان دەکرێ بە پارچەی گەورە و تەنك بۆ ئەوەی ئاسان بێ لە دەستی خانمان، دواتر ئافرەتان یان کچان هەندێك خوری لەناو دەستیان دەبێ و یان لە دەستی خۆیانی دەئاڵێنن، لەو کاتەشدا تەشی کە دارێکە ژێرەوەی باریکە و سەرەوەی قولاپێکی پێوەیە، ئەو خورییە لە ناو دەستەوەو هەندێکی بەسەری قولابەکەوە دەخرێ و ئیتر دەسوڕێنرێ، بەم شێوەیە لەسەرەوەش بە پەنچە خورییە گەورەکە تەنك و باریك دەکرێتەوە دەبێتە داوێکی نەپچڕاو، کە زیاتر پاڵپەستۆی پەنجەکان وادەکات لە خوورییەوە ببێتە داو، دواتریش لە خوارەوە بەهۆی سووڕاندنەوە داوەکە لە تەشییەکە دەئاڵێنرێ و کۆ دەبێتەوە، پاشان لێدەکرێتەوە و دەکرێتە سەرکە تۆپێك لە داوی خووری.

# ئافرەتی بە



زۆرن ئەوانەی خاوەن بەهرەن و کاری تازەگەری ئەنجام دەدەن، کە دەتوانن سەرنجی گشت کەسێکی دیکە ڕابکێشن و لە نزیکەوە کاری جوان ئەنجام بدەن، ئەمانەش دەبنە یەکێك لە کارە جوانەکان، لە وڵاتی سویسرا ئەو ئافرەتەی کە زۆر

## پێستەی گیانداران



تەنیا پێستەکانیان بەسوودە وەك: سمۆرە و ڕێوی و گورگ، کەچی سوودێکی گەورەش دەبینرا لە پێستی گیاندارە خۆماڵییەکان وەك: مەڕ و بزن و چێڵ و مانگا، کە پێستیان گرنگە و بۆ کاری تایبەت بەکاردەهێنرێ، وەك ئەو دوو وێنەیە کە سمۆرە و کارمامزیان گرتووە، لەوکاتەی مردووە و ئیتر پێستەکەیان پاراستووە و بۆتە ئەو شێوە جوانە.

## هەر تەلەو لە ئاوازێک



هۆڵی کۆبوونەوە و شوێنە فەرمییەکان هەندێك جار وا لە مرۆڤ دەکات هەست بە بێتاقەت بوون و ماندوبوون بکات، بە تایبەت کاتێك ماوەی دانیشتنەکە یان وانەکە درێژ بێ، وادەکات کە مرۆڤ خەو بیباتەوە، یان بە کاری دیکەوە خەریك بێ، زیاتر لەوەش کاتێك ئەو کەسەی قسە دەکات، قسەکانی بە دڵ و خۆش نەبن، ئیتر هەر یەکە خۆی بە شتێکەوە خەریك دەکات، ئەو وێنەیە لە دانیشتنێکی پەرلەمانی وڵاتی ئێران وەرگیراوە، ئەمەش لە ناوەڕاستی دانیشتەکەدایە، کە بۆمان بە هێما کردوون چەند کەسیان خەریکی خۆیەتی یەکێك خەوتووە و ئەوەی دیکە نینۆکی پاك دەکاتەوە و یەکێکیش دالْغەی ڕۆیشتووە، ئەوەی سەیرە یەکێك لە خوارەوە وەڵامی تەلەفۆنەکەی دەداتەوە و لە کاتێکدا دەبێ گوێرایەڵی بابەتەکانی ناو هۆڵی پەرلەمان بێ، وەك نوێنەری گەل لەوێ دانیشتووە.

## قولابەوە!




حەزی بە قوڵابەیە، واتە سنجاق هەڵسا بە کردنەوەی نمایشێکی تایبەت بە قوڵابە، ئەو ئافرەتە ناوی (سیلرا)یە کە توانی لەو نمایشەدا نزیکەی (١٠٠٠) قوڵاب لە جەستەی خۆی بدات و سەرتاپای جەستەی لە قوڵاب داپۆشێ.



## چێڵە زەبەلاحەکەی جیهان

کاتێك گیانداران لەشێوەی ئاسایی خۆیان لادەدەن و شێوەیەکی دیکە وەردەگرن، دەبێتە جێگەی سەرسوڕمان و حاڵەتێك کە کەس باوەڕی بۆ ناچێ، ئەمەش لە کاتێکدا دەبێ کە هۆکارەکەی نەخۆشی یان حاڵەتێکی تایبەت بێ کە وابکات بەم جۆرە سەیرە دەربکەوێ و ببێتە دیمەنێکی سەیر لەبەرچاوی گشت کەسێکەوە، بێگومان شێوەی (چێڵ)مان بینیوە چۆنە و چەند گەورەیە، کەچی ئەو چێڵە لە گشت چێڵەکان جیاوازترە و بە زەبەلاحترین چێڵ لە جیهان دادەنرێ، ئەمەش کاتێك لەلایەن خاوەن کێڵگەیەکی بەریتانی ئەو چێڵەی لە کێڵگەکەیدا بەخێو کردووە، سەرباری ئەوە، ئەو چێڵە درێژی دەگاتە (٧)پێ و تەمەنیشی تەنیا (٩) ساڵ دەبێ.






## ئاســـۆیی:

١- سەرۆك وەزیرانی عێراق بوو.
٢- ئەستورك(پ)- قانون(پ).
٣- زەرگەتە(پ)- لاق
٤- کەســێ تازە ژنــی هێنابێ(پ) شـــارێکە لە وڵاتی ژاپـــۆن کیمیاباران کرا(پ).
٥- کسۆك- میر.
٦- نیوەی خوێن
٧- دارێکی بێ بەرە(پ)- پەلەوەرێکە، حەز لــە ئـــاو دەکات+ گیاندارێکی فیڵبازە+ هێلانە بە زمانی عەرەبی.
٨- پیت+ رك – جۆرێکە لە ئۆتۆمبیل (پ)+ وەکو یەك.
٩- یەکێکــە لــە دەزگا خزمەتگوزارییەکان.
١٠- ســـەرکردەیەکی کـــورد بوو توانی شاری (کفری) رزگار بکات لە دەستی ئینگلیزەکان.


## ســـتوونی:

١- پایتەختێکی ئەوروپییە(پ)+ پیت.
٢- بەرازی نێر(پ).
٣- زام(پ).
٤- لەسەرخۆ- گیایەکی کێوی بە بۆنە.
٥- دروێنە – دوو پیتی جیاواز.
٦- جەژن + پیت – ئێرە(پ).
٧- نیـــوەی لاوا(پ)+ دەرباز- ناوی پیتێکی ئینگلیزیە.
٨- فەرمانی داخوازییە- ئێمە (پ).
٩- بەنازی(پ)- نیوەی خۆر(پ).
١٠- شارێکە لە فەلەستین.
١١- وەکو یەم- دارێکی بێ بەرە(پ)- ریش.
١٢- شانە گەمە.
١٣- گۆچان (پ)+ زیندەوەرێکە دژی دەغڵ و دانە(پ) + پیت.
١٤- بنکە(پ)- توانا.
١٥- نیوەی هانا- وەکو یەك – راســـت گۆ بە زمانی عەرەبی.
١٦- وەکو یـــەك+ ئامرازی بانگ کردن(پ) – ناوی کوڕانە.



**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

زۆر گرنگــی مـــەدە بەهەندێك کەس کە تەنیا بەخۆیانەوە خەریکن، کەســێك پێشـــنیارێکت بۆ دەکات پێشـــت گوێی مەخە، باری سۆزداریت فەرامۆش مەکە .




**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

لایەنــی ســـۆزداریت گەشـــەیەکی خێـــرا بەخۆیـــەوە دەبینێـــت و ســـۆزو خۆشەویستیەکی لە ڕادەبەدەر رووت تێ دەکات، لەوانەیە دیارییەکی بەنرخیشت بەدەست بگات.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

دەرفەتـــی کارێکی باشـــت لەپێشـــە بیقـــۆزەوە، خۆشەویســـتییەکی نوێ لەدەرگای دڵـــت ئەدات، زۆر بەوردی ســـەرنجی لێ بدە، دوایی پەشیمانی دادت نادات.



**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

بەپەلـــە هەڵســـوکەوت مەکـــە چونکە زەرەرمەند دەبیت، هەســـت بە بێزاری و دڵەڕاوکێ دەکەیت بەهۆی خەون بینینی ترسناك، پشـــوویەکی کورت بەسوودە بۆت، بیپارێزە.



**شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢**

ئـــەم هەفتەیە دوور بکەوە لەمشـــتومڕ دەربـــارەی ناکۆکیەکانـــت لەگـــەڵ ئەو کەسەی خۆشت دەوێ، چونکە کات لەبار نییە بۆلەیەکتر گەیشـــتن، مامەڵەی گەورەش باش نییە لەم کاتە با تێنەکەویت.



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

مەترســـە لەڕووبەڕووبوونەوەی هەنـــدێ هەڵوێســـت کـــە پەیوەنـــدی بەخۆشەویتســـتەکەتەوە هەیە، لەرابردوو دووربکـــەوە تابەرەو پێشـــەوە هەنگاو بنێیت، ئامۆژگاری لـــە دەوروبەرت وەربگرە.

## بۆ زاخـــاوی مێشك

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (سەرماوەز) بوو

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە کە لە کۆتاییدا ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە :

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ناوێکی دیکە بۆ ژێر)
- پیتی خانەکانی (٣+٤+٥) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ئاگر بە زمانی عەرەبی)
- پیتی خانەکانی (٥+٤+٣) کۆبکەیتەوە بە مانای (بەشێکە لە جەستەی مرۆڤ گەورەترین ئێسکی تێدایە)
- پیتی خانەکانی (١+٤) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ناوێکی دیکەی هەوا)





## تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

لەخۆبایی مەبەو دڵی خەڵکانی دەوروبەرت مەڕەنجێنە، بیر لەڕابردووی خۆت بکەرەوە، چونکە تۆ کەسێکی چاپووك و دڵسۆزی، باری سۆزداریت ڕوو لەباشیە لەخوا بەزیادبێ.

## دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

بوژانەوەیەکی باش لەسیماتدا بەدی دەکرێ، لە بواری سۆزداریەوە دەرفەتێکی باشت بۆ هەڵدەکەوێ و لەوانەیە لەئامانجت نزیك بکەویتەوە.

## کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

ماندووبوونی پێشووت لەبیر دەکەیت و بێ ئەوەی خۆشت بزانیت کارەکانت جێبەجێ دەبن و ئەرکەکانی سەر شانت زۆر سووك دەبێت، لەوانەیە باری داراییشت باشتر بێت دوو شەش.

## گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

سەرکەوتنێکی چاك لەبواری کارەکەت بەدەست دەهێنیت، کە دەستکەوتێکی ئابووری باشی لەگەڵدا دەبێت، لەبواری ئەڤینداریشەوە هەست بەخۆشی و شادی دەکەیت لەخۆتی تێك مەدە.

## گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی خێزانەکەت دەرفەتێکی دیکەت بۆ دەڕەخسێت، هەوڵبدە خۆپەرست نەبیت و تۆزێك دووربین بە، هەندێك بەخۆتدا بچۆرەوە.

## نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

زیاتر وردبەرەوەو زیرەکانە پلانەکەت داڕێژە بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکەت، چونکە کەسانێك دەیانەوێت کۆسپت بۆ دروست بکەن، لایەنی سۆزداریت لە گەشانەوەیە.

## پشکنینی (پرۆتۆکۆڵ دان) بۆ منداڵانی ئۆتیزم



پلانێکی چارەسەریی نوێ بۆ منداڵانی ئۆتیزم بەناوی (پرۆتۆکۆل دان) دۆزراوەتەوە، کە کۆمەڵێك پشکنینی وردی تاقیگەیی و پزیشکییە، پشکنینەکان لەلایەن گرووپێکی تایبەتمەندەوە بۆ زانینی ئاست و ڕێژەی ترشەڵۆکی ئەمینیۆم و هەندێ زیادە کانزاو مادەی کیمیایی تری زیانبەخش، هەروەها بۆ زانینی ئاستی هەبوونی بەکتریای زیانبەخش لە ڕێگەی تاقیگەوە هەڵدەسەنگێنرێن تا دواتر بە پێی ئەنجامەکان پلانی تایبەتی ژەمە دەرمان و خۆراکی پێویستییان پێبدرێت، ئەو منداڵانەشی کە بە زەحمەت ئۆکسجین بۆ مێشکیان دەچێت، بە چەندین قۆناغ و لە چەند دانیشتنێکدا بڕی پێویستی ئۆکسجینی پەستراوەیان بۆ دیاری بکرێت .

## وتە بە نرخەکان

کچێک پرسیاری لە کوڕێک کرد و گوتی: بۆچی ئێمە کەوتینە ناو پەیوەندی خۆشەویستیەوە لە کاتێکدا دەزانین کە ڕۆژێک دێت کۆتایی دێ.
کوڕ: بەڵام لە پێشدا پێم بڵێ بۆچی ئێمە دەژین لە کاتێکدا دەزانین کە ڕۆژێک دێت دەمرین.

## یاری پیت ریزکردن

هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی بۆ ئەوەی ناوی چیایەکی کوردستانت بۆ دەربچێ.

ە ف ن ی س

وەڵامی ژمارەی پێشوو ( ڕافد)



## نوکتە

- بەکابرایەك دەڵێن تۆ بۆ ئەوەندە ناشیرینیت؟ ئەویش دەڵێ بەخوا جوان بووم، بەڵام کاتێك لە دایك بووم منیان گۆڕیوە لەکەڵ کەسێکی تردا...

* * *

- کابرایەك لە ژنەکەی خۆی دەدات پێی دەڵێن بۆ لێی دەدەیت هیچی کردووە؟ ئەویش دەڵێ بەخوا زۆر جوانە جا ئەگەر بمزانیایە شتێکی کردووە خۆ هەر دەم کوشت..

### وێنەی جیاواز و خاڵی هاوبەش

بۆ زانینی ئاستی زیرەکی مێشك لەماوەی (٢) خولەکدا چەند خاڵێکی هاوبەش لە نێوان خاڵە جیاوازییەکاندا بدۆزەرەوە

